

# هەستێکی لە بیرنەچوو

**سالار سەمین**
**(خورماتوو)**

ئەو کاتەی بە ئۆتۆمۆبیلێک، شارەکەی خۆیان بەجێ هێڵا، چەند جارێک ئاوڕیان دایەوە، شارە بە جێماوەکە بوو بە خاڵێکی ڕەش و نتکا بوو. ماوەیەک بە ئۆتۆمۆبیل و ماوەیەکیش لە ترسی زاڵگەی پشکنینی سەرشەقامەکاندا بە پیادە و خۆشاردنەوە گوزەریان دەکرد. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سنووری وڵاتەکەی خۆیان بەزاندو گەیشتنە خاکی وڵاتێکی پڕ لە ترس.

منالێکی تەمەن پێنج بەهار و ئافرەتێکی دوو گیان و پیاوێکی ماندوو و شەکەت. شەوگار و ڕۆژگاری پڕ لە ماندوبوونیان پێکەوە گرێ دەدا. جارجارێک باوکی (ئاراس) دەبوو بە دەمەقاڵەی لەگەڵ قاچاخچییەکاندا، لە ئەنجامدا بەسەر ڕۆخی دەریایەکی تۆقێنەرەوە خۆیان گرتەوە. لە ماوەیەکی کەمدا مناڵ و ژن و پیاو ژمارەیان گەیشتە سەد کەسێک. قاچاخچییەکان لە نێو خۆیاندا سەرقاڵی ڕێکخستنی پەڕینەوەیان بوون، بەڵام تەوژمی ڕەشەباکە شەپۆلە شێتەکانی دەریاکەی تووشی هەلکە سەمایەکی پڕ لە ترس کردبوو. کەشتیوانەکە سڵی لە شەپۆلە تووڕەکانی دەریاکە دەکرد، چەند ڕۆژێک دواکەوتن.

ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانی ڕەشەباکە بنبڕ بوو، شەپۆلەکانیش وەک ئازیز مردوویەک ئارامی و کپبوونەوەیان پێوە دیاربوو، کەشتێکە زۆر بە ئاستەم و لەسەرخۆ بەنێو شەپۆلە ئارامەکاندا گوزەری دەکرد. کەشتیوانەکە مێشکی بەلای دەربازبوونی کەشتییەکەو سەرنشینەکانییەوە بوو. ماوەیەک کەشتییەکە بە نێو شەپۆلە ئارامبووەکاندا ملی دەنا، بەڵام زۆری پێ نەچوو جارێکی تر دەروازەی قەدەر لە سەرنشینانی کەشتی بێ ئەمان کرایەوە.

وژەی ڕەشەبا و شڵپەی شەپۆلە تووڕەکان دووبارە یەکتریان لە ئامێزگرت و کەشتی کەوتە ڕەشبەڵەک و سێ پێیی. سەرنشینانیش ترس و دڵەڕاوکێ بە تەوقی سەریانەوە کەپرەی دەکرد، کەژاوەیەکی پڕ لە ترس کەشتی سەر لێ شێواوی داپۆشی، هەرچەندە کەسانی نێو کەشتییەکە کەلوپەلی مەلەوانییان لەبەردا بوو، بەڵام ترسێکی پڕ لە مەرگ لە نێو ناخیاندا خوار و ژووری دەکرد. چەند جارێک لەگەڵ بە هێزبوونی ڕەشەباکەدا کەشتییەکە بە چەپ و ڕاستا لارەسەنگ

دەبوو. بەسەر ئەو حاڵەتەشەوە یەکێ لە قاچاخچییە نەفس نزمەکان کەوتبووە چاوبڕکێ و مێبازی لەگەڵ یەکێ لە ئافرەتەکانی نێو کەشتییەکە.

هاواری پیاوان و قریشقەی ئافرەت و زریکەی منداڵان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد. زۆری نەمابوو بگەنە ڕۆخی ڕزگاربوون، بەشێک لە پیاوان خۆیان هەڵدایە نێو دەریاکە، هەرچەندە چەند کەسێکیان خنکان و بوونە خۆراکی نەهەنگی دەریای پڕ لە ترس، بەشێکی زۆریان ڕزگاریان بوو و پەڕینەوە، قاچاخچییەکان هەرچەندە ناویان قاچاخچی بوو، بەڵام لە کارەکانیاندا خاوەن ئەزموونی تایبەتی خۆیان بوون. لەگەڵ ئەمن و ئاسایشی ئەو وڵاتانەدا پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبوو. لەو وڵاتەدا کە دابەزین شوێنی تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڵام زۆر بە نهێنی.

شەوێک درەنگ وەخت دایکی (ئاراس) لەنێو بازنەی پڕ لە شەرمەزاری منداڵبووندا لێوەکانی خۆی دەکرۆشت، چەند ئافرەتێک و ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵ قاچاخچییەکەدا لە نێو کەشتییەکەدا سەرقاڵی چاوبڕکێ بوو، ڕۆڵێکی مەردانەیان هەبوو. لەکاتی منداڵبوونی دایکی (ئاراس)دا قریشکەی دایکی ئاراس بەدەم ژانی منداڵبوونەوە دراوسێکانیشی ئاگادارکردەوە. لەبەر ئەوەی هەڵهاتبوون نەیاندەوێرا ئەو ئافرەتە بەرەو نەخۆشخانەی منداڵبوون ببەن، لە چاوەڕوانی ڕەحمەتی خودادا بوون.

بلبل سەرقاڵی کۆچکردن بوو، کازیوە تازە بنەمای دانابوو، لە نێوان کازیوە و تیشکی ڕۆژێکی نوێدا ئافرەتە پەنابەرەکە هاواری کردو قریشقاندی ڕزگارمان بوو، لە لایەن هەمان ئافرەتیشەوە منداڵەکە ناونرا (هیوا).

خێزانەکەی باوکی ئاراس پاش چەند مانگێک لەو شوێنەش ڕزگاریان بوو، هەر بە قاچاخی و خۆشاردنەوە گەیشتنە وڵاتی ئەڵمانیا. ئەوە بۆ چەند ساڵێک دەچێ لەو وڵاتەدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک کوردستانیان لەیاد نەکردووە. هیوا ساڵێکی ماوە بۆ قوتابخانە ناونووس بکرێ، بەڵام ئاراس گەیشتبووە پۆلی چواری سەرەتایی، هەتا بڵێی هۆشیار و ئازا و زیرەک بوو. کاتێک لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بە زمانی ئەڵمانی دەدوا هەستی ئەوەت نەدەکرد کە منداڵێکی کوردە، لە پۆلەکەی خۆیدا بە شازترین و ئازاترین قوتابی ناوزەد کرابوو، جێگای شانازی مامۆستاکانی بوو.

ئاراس بەردەوام گوێڕایەڵی قسەکانی باوکی بوو، کە لە ڕەگەزدا کوردن و بەسەرەمەرگی گەیشتوونەتە ئەم وڵاتە.

ڕۆژێکیان مامۆستای جوگرافیا نەخشەیەکی جیهانی هێناو لە پۆلەکەدا هەڵیواسی، دواجاریش داوای لە قوتابیانی پۆلەکە کرد یەک یەک هەستن و وڵاتەکەی خۆیان لەسەر نەخشەکە بدۆزنەوە، زۆری پێ نەچوو بەشێک لە قوتابیان ئاماژەیان بۆ ناوی ئەڵمانیا کرد بەسەر نەخشەکەوە، کاتێک نۆرە گەیشتە سەر ئاراس بە پێکەنینەوە هەستا بەرەو نەخشە هەڵواسراوەکە، واتا خەریتەکە ڕۆیشت و زۆر ماندوبوو، بە هیچ شێوەیەک وڵاتەکەی خۆی نەدۆزییەوە. مامۆستاکەی بە سەرسوڕمانێکەوە وتی:

* ئاراس ڕۆڵە تۆ ئازاترین قوتابیت بۆ وا دواکەوتی نەتدۆزییەوە؟

* مامۆستا کوردستانی تێدا نەبوو.

مامۆستاکەی هەرچەندە لە بوای جوگرافیادا پسپۆڕ بوو، بەڵام زانیارییەکی باشیشی لە بواری مێژوودا هەبوو، یەکسەر چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و ژووری وانەوتنەوەی بە جێهێشت.

ئاراس پاش تەواوبوونی کاتی قوتابخانە گەڕایەوە بەرەو ماڵ، باوکی لەماڵ نەبوو، کاتێک باوکی گەڕایەوە دوو جاران هاواری کرد:

* ئاراس... ئاراس.

بەهیچ شێوەیەک وەڵامی نەدایەوە، تەماشای کرد لە ژورەکەی خۆیدا ئەژنۆکانی لە ئامێزگرتووە و لە سووچێکدا گۆشەگیربووە، کاتێک باوکی بە تەواوی لێی نزیک بووەوە وتی:

* باوکە ئێمە بۆ وڵاتمان نییە؟

* کوڕی خۆم ئێمە چۆن وڵاتمان نییە، وڵاتی ئێمە کوردستانە.

* ئەی بۆ لەسەر نەخشەی جیهان ناوی نییە!؟

* ئاراس گیان کوردستان یەک پارچەبوو، بەڵام پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، لە ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)دا بڕیاردرا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام دەوڵەتە زلهێزەکان پەشیمان بوونەوە، کوردستانیان لە نێوان (تورک و فارس و عەرەب)دا دابەش کرد.

ئاراس هەرچەندە منداڵ بوو وتەکانی باوکی زۆر دڵتەنگی کرد.

ڕۆژی دووەم سەرلەبەیانی ئاراس خۆی ئامادەکرد بۆ قوتابخانە، باوکی بەپەلە ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ئەوەی خواردنی ژەمی بەیانیان بۆ بێنێ، بەڵام زۆر زوو گەڕایەوە، خێزانەکەی وتی:

* باوکی ئاراس زوو گەڕایتەوە!

* مۆڵی کابرای تورک نزیکبوو بۆ ئەوە زوو گەڕامەوە.

کاتێک ئاراس گوێی لە وتەکانی باوکی بوو بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

* باوکە تۆ دەڵێی تورک دوژمنمانە و دەڕۆی شتیان لا دەکڕی!!

لەگەڵ تووڕەبووندا، برۆکانی پێکەوە گرێ دا و جانتاکەی هەڵگرت و بێ ژەمی خواردن بەرەو قوتابخانە شۆڕبووەوە.